# نەتەوەسازی و وێناکردنەوەی نیشتمان لە مووزیکی ڕەوەندی کوردیدا

**پەرەنگ فەرازمەند**

**دوکتورای ئێتنۆمووزیکۆلۆژی**

**یاریدەدەری زانستی لە بواری ئێتنۆمووزیکۆلۆژی لە زانستگای مارتین لۆتێری ئاڵمان**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی زانستی ئێتنۆمووزیکۆلۆژییەوە بەدواداچوون دەکات بۆ پرۆسەی نەتەوەسازی و وێنەکردنەوەی کوردستانێکی گەورە لە ڕێگەی مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە سویددا. توێژینەوەکە جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن مووزیک، وەکوو فەزایەکی دەنگی و پێرفۆرمانسی، دەبێت بە مێدیۆمێکی سەرەکی بۆ بە یەک گەیاندنەوەی پارچە لەیەکدابڕاوەکانی کوردستان، بنیادنانی نەتەوەی کورد، و پێکهێنانی شوناسی کوردی لە بەستێنی دیاسپۆراییدا. بە تایبەتی، گرنگی دەقی گۆرانی و جووڵە و فیگۆری دەنگی لە کاری هونەرمەندانی بنیادنەری دیسکۆرسی مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە سوید کە لە ڕێگەی هونەرەکانیانەوە وێنەی نیشتمانێکی خەیاڵی لە کوردستان دروست دەکەن، شی دەکرێتەوە. نەتەوەسازی و وێنەکردنەوەی نیشتمان لەم توێژینەوەیەدا لە چوار بواری سەرەکیی— دەنگ، شوێن، دەقی گۆرانی و میدیا—تاوتوێ دەکرێت. توێژینەوەکە پشت بە تیۆرییەکانی وەکوو«ئۆتۆپیا دەنگییەکان»ی جۆش کان (٢٠٠٥) وە «دونیاسازی»ی نێلسۆن گوودمەن (١٩٧٨)، دەبەستێ. ئەم چوارچێوەی تیۆریکییە ڕێگە دەدات بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییە کە چۆن جووڵەی دەنگی و هێما مووزیکییەکان یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی دنیایەکی خەیاڵی کە لە چوارچێوەی ئەودا نەتەوەی کورد و کوردستانێکی گەورە لە کۆنتێکستێکی دیاسپۆرایی کوردیدا لە سوید بنیاد دەنرێن. هەروەها، چەمکە خەیاڵییەکان، وەک «نەتەوە خەیاڵکراوەکان»ی بێنێدیکت ئێندرسۆن (١٩٩١) و «خەیاڵە کۆمەڵایەتییەکان»ی ئارجوون ئاپادورای (١٩٩٦)، ئامرازێکن بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە و پێکهاتنی شوناسی بەکۆمەڵ لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی ڕەوەندی کوردی لە سوید، لە ڕێگەی مووزیکەکەیانەوە. لە ئەنجامدا، توێژینەوەکە نیشان دەدات کە بەدەر لە سنووری جوغرافیا، مووزیکی دیاسپۆرایی کوردی لە سوید جیهانێکی یۆتۆپیایی دروست دەکات کە لە ڕێگەی دەنگەوە نەتەوەی کورد پێکدەهێنرێت، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دووبارە خەیاڵ دەکرێت. لە ڕێگەی چالاکییە مووزیکییەکان کە هەست، یادەوەریی کۆمەڵایەتی، جوغرافیای خەیاڵی دەخەنە ڕوو و هونەرمەندان و گوێگران بەشدار دەبن لە دونیاسازییەکی دیاسپۆرایی کە هەستی پێوەندیی نەتەوەیی دروست دەکات، هەروەها واتای نیشتمان لە ژیانی دووربوون و ژیانی نێوانوڵاتیدا دووبارە ڕێک دەخات.

**وشە سەرەکییەکان:**

**کورد، نەتەوەسازی، مووزیکی کوردی، دیاسپۆرا، وێنەکردنەوەی کوردستان، سوید.**

## پێشەکی

هەموو کۆمەڵگایەکی لە نیشتمان دابڕاو تووشی چەندین قەیرانی سەرەکیی وەکوو قەیرانی ناسنامە، بێ وڵاتی و بێ نەتەوەیی دەبێتەوە. وەکوو یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایەکی ڕەوەندی، هیچ کۆمەڵەیەکی دیاسپۆرایی بە تەواوی خۆی بە ئەندامی ئەو کۆمەڵگایە نازانێت کە لە ناویاندا گیرساوەتەوە و هەرگیز دان نانێت بەو خاکە وەکوو خاک و نیشمانی ڕاستەقینەی خۆی کە لێی نیشتەجێ بووە. هەر ئەم تایبەتمەندییەش، کۆمەڵەیەکی ڕەوەندی لە کۆچبەرانی دیکە جیا دەکاتەوە کە بە خواست و ویستی خۆیان وڵاتیان بەجێ هێشتووە بە هومێدی بنیادنانی ژیانێکی نوێ و هەتاهەتایی لە وڵاتێکی جگە لە زێدی خۆیان (بڕوانە: Butler، 2001).

بەڵام کۆمەڵگەی دیاسپۆرایی هەمووکات خولیای گەڕانەوەی بۆ نیشتمانەکەی خۆی لە سەردایە و هەموو هەوڵەکانی لە بەرژەوەندیی زێدی دایکیدایە و تەنیا لە پێوەندیی لەگەڵ زێد و هاونیشتمانیاندا شوناسی نەتەوەیی خۆی پێناسە دەکات (بڕوانە: Safran، 1991). بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانانە، کۆمەڵگەی ڕەوەندی بەردەوام بە شوێن مێکانیزمگەلێکدا دەگەڕێ بۆ دووبارە واتابەخشینەوە بە شوناس و نەتەوەکەی و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەستی بێوڵاتی. لەنێوان بێشمار مێکانیزمی جۆراوجۆری وەکوو زمان، کولتوور، مێژوو، ڕێورەسم و نەریت، کار وچالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هتد. هونەر و لایەنە کولتوورییەکان، بۆ نموونە مووزیک، وەکوو مێکانیزمێکی فرەڕەهەندی و چەندلایەن، بە شێوەیەکی کاریگەرتر یارمەتیدەرن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەموکوڕیانەی کە لە کۆمەڵگایەکی ڕەوەندیدا هەستی پێدەکرێت (بڕوانە: فەرازمەند، ٢٠١٩ و٢٠٢١). لە وەها حاڵەتێکدا مووزیک، وەکوو فەزا و چوارچێوەیەکی مەفهوومی، یۆتۆپیایەکی دەنگی دروست دەکات کە بە بڕوای توێژەری ئامریکایی لە بواری هونەر و سیاسەتی پێوەندیی کلتووریی جۆش کان (٢٠٠٥)، فەزایەکە کە لەڕێگەی مووزیکەوە دروست دەکرێت و ڕێگەیەک بە گوێگر دەدات بۆ خەیاڵکردنی داهاتوویەکی جیاواز. ئەم ئۆدیۆتۆپیا یان یۆتۆپیا دەنگییانە لە فەزای ژیانی ڕاستەقینەدا سەرهەڵدەدەن و دواتر لەلایەن گوێگران و ئەنجامدەرانەوە بۆ فەزا و شوێنەکانی تر دەگواسترێنەوە. کان دەنووسێت: «فەزا دەنگییەکان ئارەزوو و هۆکاری یۆتۆپیایی کاریگەر دەخەنە ڕوو، لەو شوێنانەدا کە چەند شوێنێک کە بە گشتی لەگەڵ یەک ناگونجێن، نەتەنیا لە ناو فەزای پارچە مووزیکێکی تایبەتدا، بەڵکوو هەروەها لە دروستکردنی فەزایەکی کۆمەڵایەتی و نەخشەسازیی فەزایێکی جوغرافیشدا کە مووزیک ڕێگەی پێدەدات، پێکەوە دەهێنرێن و لە پەنای یەک دادەنرێن» (Kun 2005, 23). بەپێی باوەڕی کان، یۆتۆپیا دەنگییەکان، ئەو فەزایانەن کە مووزیک وەک چالاکییەکی کاریگەر لە ناویاندا کار دەکات، لەو شوێنانەدا کە گوێگران هەردوو فەزای ڕاستەقینە و خەیاڵی دەنگی داگیر دەکەن. ئۆدیۆتۆپیاکان لە ڕێگەی جووڵە و فیگۆرە دەنگییەکانەوە دروست دەبن و ئامرازێک دابین دەکەن بۆ ئەو گوێگرانەی کە لەژێر دەستبەسەری یان لە ناو گرووپە کەمینەکاندان، تا بتوانن جیهانی دڵخوازی خۆیان لە ڕێگەی ڕەهەندێکی دەنگیی نوێ و دووبارە خەیاڵکراودا دیسان ڕێک بخەنەوە» (بڕوانە: Clifford-Na-

(Na-poleon 2015، 68). تیۆریی «دونیاسازی» نێلسۆن گوودمەن (١٩٧٨)، مووزیک وەک کارێکی هێمایی و چالاک دەبینێت کە جیهانی کۆمەڵایەتی و کلتووری دروست دەکات، نەک ئەوەیکە تەنها ڕاستییەکی ئامادە وەکاس بکات (Goodman 1978, 1–7). لەم ڕوانگەیەدا، دەنگی مووزیکی، پێشکەشکردن و گوێگرتن لە مووزیک ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دروستکردنی مانا، فەزا، و ئەزموون کردن و هەستپێکردن و مانابەخشین بە کات بەو مانایە کە مرۆڤ لە ڕێگەی مووزیکەوە ڕابردوو دەهێنێتە ئێستا و داهاتوو خەیاڵ دەکات. «ئەم پرۆسانە بە هەڵبژاردن، ڕێکخستن، و گۆڕینی واتاکان کار دەکەن و بەو شێوەیە وێنەیەکی دیاریکراو لە ڕاستییەک دروست دەکەن» (ibid., 14–17). لە ڕێگەی شێوازەکانی وەک گرنگیدان، سڕینەوە و گۆڕینی مانا، چالاکییە مووزیکییەکان دنیایەک دروست دەکەن کە لە ناویاندا «ناسنامە» و «هەست بە شوێن» دیار دەکرێت. چوارچێوەی فرەڕەهەندیی گوودمەن ڕێگە دەدات تا چەندین جیهانی مووزیکی پێکەوە ببینرێن، ئەوانەی کە لە ئەنجامی کۆچ، یادەوەری، و بارودۆخە سیاسییەکان دروست بوون، بەبێ ئەوەی یەک ڕەوایەت وەک تاکە ڕاستی پێشکەش بکرێت. بەپێی گوودمەن، مووزیک سیستمێکی هێماییە کە لە ڕێگەی هەڵبژاردن، ڕێکخستن، گۆڕانکاری و شێوەپێدانەوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و جوغرافییەکان، جیهانەکان پێکدەهێنێت. چەمکی ئۆدیۆتۆپیای جۆش کان ئەم بیرۆکەیە فراوانتر دەکات و نیشان دەدات کە مووزیک فەزای دەنگی دروست دەکات کە لە ناویدا شوێن و بیرۆکە جیاوازەکانی وەک نیشتمان و هەندەران، یادەوەری و دووری، ئارەزووی سیاسی و ژیانی ڕۆژانە، لە پەنا یەک دادەنرێن.

## پێشینەی توێژینەوە

توێژینەوەکان لەسەر مووزیکی کوردی لە دیاسپۆرای سویددا، بە شێوەی سەرەکی لەلایەن ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە ئێتنۆگرافییەکان و توێژینەوە نێوانبوارییەکانەوە پێکهاتوون؛ ئەو توێژینەوانەی کە چالاکییە مووزیکییەکان لە چوارچێوەی ژیانی بەکۆمەڵ، مێژووی کۆچ، و سیاسەتی پەیوەندیدانی ناسنامەدا دادەنێن. ئۆسکار پریپ (٢٠٠٥،٢٠١١،٢٠١٣) یەکێکە لەو توێژەرانەی کە قووڵترین و بەردەوامترین شیکردنەوەی ئەم بابەتەی پێشکەش کردووە؛ پریپ لێکۆڵینەوە لە ئەنجومەنە کولتوورییە کوردییەکان لە سویددا دەکات و ئەوان وەک شوێنە سەرەکییەکان دەبینێت کە لە ناویاندا مووزیک و هەڵپەڕکێ وەک چالاکیی کۆمەڵایەتی کار دەکەن و لە ڕێگەی ئەوانەوە ناسنامەی کۆمەڵایەتی، گۆڕانپەزێری ناسنامەی ئێتنیکی (eth-nic elasticity) و خۆگونجاندنی ئێتنیکی لەگەڵ کۆنتێکستە نوێیەکان و ئەزموونی نێوانکولتووری گفتوگۆ دەکرێن. لە جیاتی ئەوەی مووزیکی کوردی وەک نەریتێکی جێگیر ببینێت، پریپ گرنگی دەدات بە بەشداریکردن، پێرفۆرمانس و دروستبوونی دۆخی «کوردبوون» لە بارودۆخە دیاریکراوەکاندا. هەروەها، ئولریک فولگستن (٢٠٠٨، ٢٠١٠)، کە بە نزیکی لەگەڵ پریپ کاری کردووە، چالاکیی مووزیکیی کوردی لە ڕوانگەی یادەوەری و هەستەوە شی دەکاتەوە و نیشان دەدات کە چۆن ڕێپێرتوارە هاوبەشەکان و کردەوە مووزیکییە جەستەییەکان هەستەکان لەنێوان کوردانی دیاسپۆرای ستۆکهۆڵمدا ڕێکدەخەن و ڕێگە بە شێوەکانی پەیوەندیی نەتەوەیی نێونەوەیی دەدەن، بەبێ ئەوەی پێویست

بێت ڕاستەوخۆ پشت بە گوتاری سیاسی ببەسترێت. لە چوارچێوەیەکی فراوانتری توێژینەوەی کۆچ و مووزیک لە سویددا، ماریا وێستقال (٢٠١٥، ٢٠١٧) چالاکییە مووزیکییە کوردییەکان لەگەڵ مووزیکی گرووپە کۆچبەرەکانی دیکە دادەنێت و جەخت دەخاتە سەر چالاکیی مووزیکیی بەشداربووانە، کۆنتێکستی دامەزراوەیی، و ڕۆڵی ئەنجومەنی کولتووری لە سویددا لە دیاربوونی مووزیک و دروستکردنی بەرهەمی کولتووری. هەرچەندە لە ناو ئەم توێژینەوانەدا، کاری مینوو عەلینیا (٢٠٠٤، ٢٠١٣) ڕاستەوخۆ تیشک ناخاتە سەر مووزیک وەک خۆی، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی بنەمایەکی گرینگ دابین دەکەن بۆ تێگەیشتن لە مووزیکی کوردی لە سویددا، چونکە شیکردنەوەی ئەو لە فەزا دیاسپۆراییەکان و دروستبوونی ناسنامەی کوردی، ئەو بارودۆخە سیاسی و هەستیانە ڕوون دەکات کە لە ناویاندا چالاکییە مووزیکییەکان واتا و گرنگی وەردەگرن. هەروەها، خالید خەیاتی (٢٠٠٨، ٢٠١٢)، سوید وەک گرێیەکی ناوەندی لە ژیانی نێواننەتەوەیی کوردی پێناسە دەکات؛ چوارچێوەیەک کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی دامەزراوە مووزیکییەکان، فێستیڤاڵەکان و بەرهەمهێنانی میدیایی لە نێوان کوردانی سویددا ئەوەندە گرینگییان هەیە.

لە تەنیشت ئەم توێژینەوانەی بە زمانی سویدی و ئینگلیسی نووسراون، توێژینەوە فارسییەکانی پەرەنگ فەرازمەند (٢٠١٩، ٢٠٢١) بە شێوەیەکی مووزیکناسانە و ڕاستەوخۆ تیشک دەخەنە سەر مووزیکی دیاسپۆرایی کوردی لە ناو کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سویددا. ئەم توێژینەوەیە شی دەکاتەوە کە چۆن مووزیک ڕۆڵ دەبینێت لە پاراستنی ناسنامە، خۆگونجاندنی کولتووری، و پرۆسەکانی گۆڕانی مووزیکی کوردی و پرۆسەی گلۆبالیزاسیۆنی ئەو کولتووره مووزیکییە لە بارودۆخی دیاسپۆراییدا. هەروەها هەمان توێژەر لە ٢٠٢٦ توێژینەوەیەکی بڵاو کردووەتەوە لەسەر پێوەندیی نێوان دەسەڵات و جێندەر لە مووزیکی نەریتی و ڕەوەندی کوردیدا لە سوید، کە بە وردی لێکدانەوەی کردووە لە سەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە سەر باوەڕە جێندێرییەکان لە پێشکەشکردنی مووزیکی کوردی لە ناو مووزیکی کوردانی سوید ڕووی داوە و هەروەها ئەوجووڵە فێمێنیستییەی کە لە ڕێگەی مووزیکەکەیانەوە سەری هەڵداوە.

بەگشتی، ئەم توێژینەوانە پێکەوە مووزیکی کوردی نەک هەر لە سوید وەک میراتێکی جێگیر نیشان دەدەن، بەڵکوو وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی، هەستی، ناسنامەیی و سیاسی تێدەگەیەنن کە لەلایەن کۆچ، ژیانی دامەزراوەیی، و گەڕانەوەی سەروونەتەوەیی پێکهێنراوە.

لەم توێژینەوەیەدا، وەک لێکۆڵینەوەیەکی سەر بە بواری ئێتنۆمووزیکۆلۆژی، کۆکردنەوەی داتاکان بە پشتبەستن بە چوارچێوەی ئێتنۆگرافی، ڕێگای کاری مەیدانی ، خوێندنەوەی سەرچاوە کتێبخانەییەکان و کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە دەنگی و ئارشیڤییەکان ئەنجام دراوە. شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان بریتی بووە لە گفتوگۆی ڕێکخراو لەگەڵ مووزیسیەنانی کوردی نیشتەجێی سوید، هەروەها ئەنجامدانی چاودێریی بەشداربووانە لە ڕووداوە مووزیکییەکان کە پێوەندیدار بوون بە ئەم مووزیسیەنانە.

ڕەوەندی کوردی لە سوید و دیسکۆرسی مووزیکییەکەیان بەپێی ڕاپۆرتی میراندا براینت (٧ی فێوریەی ٢٠٢٤)، پەیامنێر و ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی گاردیەن لە ستۆکهۆڵم، ٥٠ بۆ ١٠٠ هەزار کورد لە تورکیە، سووریە، عێراق و ئێرانەوە لە سوید نیشتەجێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پلەیەکی بەرچاو لە نایەکسانیی کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە. تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کورد لە سوید فرەچەشنییەکی بەرچاوی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کوردانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان. ئەم فرەچەشنییە بووەتە هۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگەیەکی فرە کولتووری کورد لە ناوخۆی سویددا. ئەم تاکانە لە پاشخانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆرەوە هاتوون و پێگەی پیشەیی جیاوازیان لەناو کۆمەڵگەی سویددا هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەمەچەشن و نایەکسانەکانی ڕەوەندی کوردی، سوودێکی بەرچاو لە ژینگەیەکی سیاسیی لەبار وەردەگرن، بەمەش ئاسانکاری دەکەن بۆ دامەزراندن و بەهێزکردنی ڕێکخراو و تۆڕە ڕەوەندییەکانیان (بڕوانە:Khayati , 2008 ). لەناو جیهانی ڕۆژئاوادا، سوید، بەهۆی ئامادەبوونی توێژی ئێلیت لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مووزیکی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ، وەک ناوەندێکی ناوازە بۆ پەرەپێدانی چالاکییە ڕۆشنبیرییە بەرفراوانەکانی ڕەوەندی، لەناو کۆمەڵگەی کورددا کار دەکات. لە ئەنجامدا سوید وەک «ناوەندی ڕاکێشان»[1] بۆ ڕەوەندی کوردی بە هەژمار دێت (بڕوانە: Khayati 2012, ؛Ahmadzadeh ,2003)، چونکە سوید لە ئێستادا وەک تاکە نەتەوەی ڕۆژئاوایە کە تۆڕێکی ڕەوەندی کوردیی تێکەڵاوی بەرچاوی تێدا پەروەردە کراوە. لە ساڵی ١٩٨٤دا، یەکەم گرووپ لە کۆچبەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئەو کەسانەی کە لە ململانێ مەدەنی و چەکدارییەکانی نێوان ڕژێمی ئیسلامیی تازە دامەزراوی ئێران و دانیشتوانی کوردستان بریندار ببوون، بۆ وەرگرتنی چاودێریی پزیشکی گواسترانەوە بۆ سوید. لە ناویاندا ئەندامانی پارتە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەبوون، کە لە خەباتێکی چەکداریدا دژ بە ڕژێمی ئیسلامی بۆ بەرگریکردن لە دانیشتوانی مەدەنیی کوردستان تێوەگلابوون. بەپێی وتەی ئەندامێکی پێشووی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات، کەماڵ گەرویسی (٢٠١٧) کە لەکاتی شەڕی داسەپاوی ناوخۆدا بریندار ببوو و بەشێک بووە لەو گرووپە ئاماژەپێکراوە، مەبەستی سەرەتایی ئەوان ئەوە بووە کە ئامادەبوونیان لە سوید بۆ ماوەیەکی کاتی بێت. دوای باشبوونی باری جەستەیی خۆیان، پلانیان دانابوو بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. بەڵام وەک گەرویسی (٢٠١٧) ئاماژەی پێکرد، دوای ماوەی چەند مانگێک، دەسەڵاتدارانی سوید مافی پەنابەرییان پێداون، بەمەش ڕێگری کراوە لە دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەڕانەوەیان بۆ کوردستان. سەرەڕای تامەزرۆییان بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان، بەڵام لەو کاتەوە لە سنووری سویددا ماونەتەوە (گەرویسی ٢٠١٧، ئۆپلاند ویسپی). هەروەها ئەم پێشهاتە ئاسانکاریی بۆ کۆچی کوردانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتەوە کرد، کە ژیانیان لە ئێراندا لە مەترسیدا بوو، ناچاری کردن پەنا بۆ وڵاتێکی ئارام ببەن. ئەم ڕیزبەندیی ڕووداوانە بووە هۆی دەستپێکردنی کۆچی کوردان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ سوید بە درێژایی هەشتاکان و نەوەدەکان. لە

ئەنجامی ئەم کۆچە بەربڵاوەدا، سوید لە ئێستادا زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی بەناو کۆچبەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی لەخۆ گرتووە. لە ناویاندا مووزیسیەنی ناودار و بەئەزموونی کورد، بەتایبەتی گۆرانیبێژە دیارەکانی وەک ناسر ڕەزازی، مەرزییە فەریقی، نەجمەدین غولامی، میکائیل جەهان، بنەماڵەی گەردی و ئەوانی دیکە ئامادە بوون کە لە چالاکیی سیاسیشدا بەشدار بوون و پێوەندییان بە پێشمەرگەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە و دامەزرێنەری «دیسکۆرسی مووزیکی دیاسپۆرایی کوردی» لە سوید بوون کە تەوەری سەرەکیی ئەم دیسکۆرسە پێوەندیی بە ناسیۆنالیزمی کوردی و کوردستان وگەیاندنی دەنگی گەلی کوردەوە هەبووە.

لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ساڵی ۲۰۱۷ لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەوەندی کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سوید ئەنجام درا، بەشداربووان چەمکی وەک هەندەران، تاراوگە و بێ ولاتییان بەکار دەهێنا بۆ خستنەڕووی ئەزموونی دابڕان لە زێدی خۆیان و پەرشوبڵاوییان لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان. ئەم دەربڕینانە سەرەڕای تێکەڵبوونی ئەوان لەگەڵ کۆمەڵگای سویدی، هەستەکانی نیشتمانپەروەری لەخۆ دەگرن، هەستەکانی دابڕان لە نیشتمان، هەستی بە ڕاستەقینە سەر بە کۆمەڵگا و ناوچەی ئێستا نەبوون و ئاواتەخوازی گەڕانەوە بۆ کوردستان نیشان دەدەن. بەپێی تیۆریی ڕەوەندی ویلیام سەفران (۱۹۹۱)، ئەم مەیل و ڕەنگدانەوانە کە هێمای باوەڕی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەرین لەناو کۆمەڵگەی ڕەوەندی کوردیدا، بنیادنانی بناغەی «گوتاری ڕەوەندی کوردی» دیاری دەکەن، کە لە مووزیکەکەشیاندا دەنگدانەوەی هەبووە. کۆمەڵگەی ڕەوەندی کورد لەهەمبەر لە ئامێزگرتنی تەواوەتیی سوید وەک نیشتیمانی ڕەسەنی خۆی، ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەتەوە. لە ئەنجامدا هەستکردن بە «بێوڵاتی» ئەزموون دەکەن، ئەمەش پێویستی بە پرۆسەی «دووبارە نیشتەجێبوونەوە»[۲] هەیە. ئەو گۆرانییانەی کە لەلایەن مووزیکڤانانی ڕەوەندەوە بەرهەم هێنراون، بە هەستێکی قووڵی بێوڵاتی و بێدەوڵەتییەوە دەنگ دەدەنەوە، ئەم هەستانە لە ڕێگەی پێکهاتە و دەقە مووزیکییەکانیانەوە دەردەبردرێن. بۆ نموونە، لە ساڵی ۱۹۹۳ لە کاتی نیشتەجێبوونی لە سوید، ناسر ڕەزازی گۆرانیبێژی ناوداری کورد گۆرانییەکی بە ناوی «نەداری» پێشکەش کرد. گۆرانییەکە بە شێوەیەکی بەهێز ئازاری دابڕانی زۆرملێ و بەرەورووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی ناسنامە و بەگشتی، فەلسەفەی جەبریگەرایی ژیان دەخاتە ڕوو کە گۆرانیبێژ و کۆمەڵگەی کورد ئەزموونی دەکەن، کە ناچارن واز لە نیشتمانە خۆشەویستەکەیان بێنن و لە خاکێک جێگیر بن کە خاکی خۆیان نییە. بە شێوەیەکی کاریگەرانە ئەو خەمە قووڵەی کە پەیوەستە بە ئاوارەبوون و دەربەدەری و هەستکردن بە نامۆیی لە شوێنی ئێستایاندا لە ڕێگەی ئەم تێکستانەی خوارەوەدا دەخاتە ڕوو:

**هیلاکی ڕەنجێکم کە ڕەنجی من نیە**
**دانیشتووی خاکێکم کە خاکی من نیە**
**ناسراوی ناوێکم کە ناوی من نیە**
**گریاوی ژانێکم کە ژانی من نیە**
**زادەی لەززەتێکم لەززەتی من نیە**
**بە مەرگێکیش دەمرم کە مەرگی من نیە**

لێرەدا بەرەورووی سێ چەمکی «کۆچی

بە زۆرەملێ»، «قبووڵنەکردنی شوێنی ئێستا وەکوو نیشتمانی ڕاستەقینە» و هەروەها «بێولاتی» لە تەوەری گۆرانییەکەدا دەبینەوە کە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی ڕەوەندی کوردی وەکاس دەکاتەوە.

هەروەها، ناسر ڕەزازی لە ساڵی ٢٠١٠ لە چوارچێوەی ئەلبوومی «کرماشان»، گۆرانییەکی بە ناوی «تاسەبارم» بڵاو کردەوە. گۆرانییەکە باس لە تاسەکردنێکی قووڵ بۆ کوردستان دەکات کە تاکێکی کورد لە هەندەران ئەزموونی دەکات، حەسرەتێکی قووڵ بۆ سەردانکردنەوەی شاخەکانی کوردستان دەردەبڕێت و ماتەمینی بۆ چاوپێکەوتنی لەدەستچووی خۆشەویستەکەی لە نیشتمانەکەیدا دەگێڕێتەوە. گۆرانیبێژ ئازاری کۆچی زۆرەملێ دەخاتە ڕوو و هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر خەباتی بێوچان بۆ نیشتمانەکەیان وەکوو تاکە تاوان. جگە لەوەش، گۆرانییەکە هیوایەکی یەکلاکەرەوە دەگەیەنێت بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و کۆتایی گەشتە سەختەکەی کۆچبەری بەم شێوەیە:

**هەڵۆدام و کەیلە دڵ بۆ دیتنی کوێستانەکەم**
**تاسەبارم، تاسەباری خاکی کوردستان ئەکەم**
**وا پەڕیوەی بێ پەروپۆی هەندەرانم داخەکەم**
**هەرچی دەڕوانم دەبینم دوورە دوور جێژوانەکەم**
**کۆچەرێکم هەڵگری سەر وا لە پێناوی ولات**
**ئەو مەلەم ئاکامی کۆچم دەچمەوە هێلانەکەم**

هەروەها، گۆرانیی «گوڵی سوور» کە لەلایەن نەجمەدین غولامییەوە لە ساڵی ١٩٩٥ وەک بەشێک لە ئەلبوومی «شەتاو» تۆمارکراوە. ئەم پێکهاتەیە بە جوانی شکۆمەندیی سرووشتی کوردستان وێنا دەکاتەوە، بە دەقێکی پڕ لە سۆز دەربڕینی خۆشەویستیی قووڵی کوردێک لە هەندەران بۆ نیشتمانەکەی دەردەبڕێت. ناوەڕۆکی دەقی گۆرانییەکە هەستێکی قووڵی تامەزرۆیی گەڕانەوە بۆ کوردستان و هەروەها نۆستالژیا دەگەیەنێت و ئەزموونی تاراوگەنشینێک لە بیری نیشتمان و دابڕان لە خۆشەویستەکانی نیشان دەدات. گوڵە سوورەکانی چیاکانی کوردستان هێمای کەسوکار و خۆشەویستە لەیەکدابڕاوەکانن. گۆرانییەکە بە شێوەیەکی کاریگەر قووڵایی هەستی بەسۆزی ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە لە هەمان کاتیشدا تیشک دەخاتە سەر دیمەنە بەشکۆکانی شاخەکانی کوردستان وەک توخمێکی شوناس و ناسنامە بۆ ئەم جوغرافییایە بەم شێوەیە:

**لە دوورەو هاتم فێنکی دڵەکەم**
**ئەگەر نەتبینم کوێرە دیەکەم**
**لە دوورەو هاتم بە گوڵی سوورەوە**
**هەردم بڕیوە بەم سنوورەوە**
**گوڵە سوورەکەی چیای کوردستان!**
**پێشکەش تۆی ئەکەم ڕۆح ودڵ و گیان**
**لە سایەی تۆدا گوڵە سوورەکەم**
**ئەگرمە باوەش کەسە دوورەکەم**

هەروەها، لە بەرهەمەکانی خانمە گۆرانیبێژ، مەرزیە فەریقیشدا کلیلوشەی «کوردستان» و هەروەها قەیرانی بێولاتی و ناسنامەیی و بەدەستهێنانەوەی ئەم شوناسە تەنیا لە پێناو ژیان لە کورستان، وەکوو چەمکێک بۆ دەربڕینی تایبەتمەندییە ڕەوەندییەکانی مووزیکی ڕەوەندی کوردی، ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. گۆرانیی «کوردستان» لە ٢٠٠٢، بەم شێوەیە ئەو گوتارە ڕەوەندییە دەردەبڕێت:

**بێ تۆ بێ هەناسە و چرپەم**
**بێ تۆ بێ کەس و بێ دەرم**
**بێ تۆ بێ بەرگ و بێ بەرم**

**تۆ شادیمی تۆ شادیمی**
**تۆ فریشتەی ئازادیمی**
**تۆ هێلانەی خۆشبەختیمی**
**تۆ پەیامی سەرسەختیمی**
**ئەتپەرستم ئەتپەرستم**
**بە ئاواتی تۆوە مەستم**
**هەر دێمەوە بۆ ئامێزت**
**دەشنێمەوە بە شنەی هێزت**
**ئەیلێمەوە بەستەی بەستان**
**قوربانت ئەبم کوردستان**

پێکهاتـــەی کۆمەڵایەتیی هەمەچەشـــنی ڕەوەندی کورد، لەگەڵ ژینگەی سیاســـیی ســـوید، کە هەندێک لە توێـــژەران دەڵێن لەبـــارە بۆ کولتـــوور و ناســـنامەی کورد ( بڕوانـــە:Khayati , 2008 ). بووەتـــە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک چالاکی و پرۆسەی ســـەروونەتەوەیی فراوانتر لەنێوان کوردانی ســـویددا بە بـــەراورد لەگـــەڵ کوردانی نیشـــتەجێی وڵاتانی دیکـــەی یەکیەتیی ئەورووپـــا، بکردرێـــت. لـــە کۆمەڵگـــەی کوردیـــی ســـویددا، هەســـتێکی بەهێزی نیشـــتمانپەروەری لە چالاکیە جیاوازەکانی ســـەروونەتەوەییدا بەدی دەکرێت، لەوانەش چالاکییـــە مووزیکییەکانن. کەســـایەتیی دیـــاری مووزیکی کوردی لە کوردســـتان و ڕەوەند، نەجمەدین غولامـــی (٢٠١٧)، ئەم ئیدیعایـــەی لە بواری مووزیکـــی کوردیدا پشتڕاســـت کردەوە:

«حکوومەتی ســـوید ساڵانە فســـتیڤاڵ لە پارێـــزگا جۆراوجۆرەکاندا ســـاز دەکات، ئەم فستیڤاڵانە ســـەکۆیەک بۆ کوردانی ناوچە جیاجیاکانی کوردســـتان دەڕەخســـێنن بۆ یەکگرتن و پتەوکردنـــی پێوەندییەکانیان، بەتایبەتـــی لەنێـــو مووزیکژەنەکانـــدا. فێدراســـیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە سوید (Kurdiska Riksforbundet iSverige) وەک ســـەکۆیەکی گونجـــاو بۆ کارلێکردن و دامەزراندنـــی پێوەندیی لەنێوان کوردانی وڵاتانی جیاوازدا کار دەکات. سەرەتا ئەم فێدراســـیۆنە بە پلەی یەکەم پاڵپشتی چالاکییـــە کولتـــووری و هونەرییەکان بوو کە لەو ماوەیەشـــدا ئەلبوومێکی ســـیدیم بە ناوی شـــەتاو لـــە ١٩٩٥ بەرهەم هێنا» (غولامی ٢٠١٧، ســـتۆکهۆڵم).

## نەتەوەسازی

بیرۆکـــەی ســـەربەخۆیی و گەلێکـــی یەکگرتـــوو تەوەرێکی ســـەرەکیی دیکەی گۆرانییەکانـــی ڕەوەندی کـــوردی بووە لە ســـوید. لە میانـــی فســـتیڤاڵی نەورۆزی ســـاڵی ١٩٩٩ لـــە ســـتۆکهۆڵم، کە لە هـــەزاران کـــوردی هەرچـــوار پارچەی کوردســـتان و وڵاتانی تر پێـــک هاتبوو، کـــە لـــە ناویاندا ئـــاڵای کوردســـتان و ئـــاڵای حیزبە سیاســـییە جۆراوجۆرەکانی سەرتاسەری کوردســـتان دەشەکاوە، ناسر ڕەزازی گۆرانییەکـــی کوردیـــی نەتەوەیی بە ناوی «باکـــوور، باشـــوور، ڕۆژهەڵات» پێشـــکەش کـــرد، کـــە یەکگرتوویی و هاودەنگیـــی کوردانی هەموو بەشـــەکانی کوردســـتانی گـــەورەی دەربـــڕی، ئەم گۆرانییـــە ڕەنگدانـــەوەی دیسکۆرســـی مووزیکـــی ڕەوەنـــدی کوردی بـــوو. بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کـــە هەموو ناوچەکانی کوردســـتانی گـــەورە نوێنەرایەتیی یەک خاک دەکـــەن، گۆرانیبێژ جەوهەری یەک نەتەوەبوونی کوردی ســـەرەڕای جیاوازیی زاراوەیـــی و ئایینـــی وروژانـــد. دەقی گۆرانییەکـــە جەخت لـــەوە دەکاتەوە کە جیاوازییە ئایینییەکان جێگەی ســـەرنجی ســـەرەکیی نەتەوەیی کـــورد نین؛ ئەوەی لە هەموو شـــتێک گرینگترە ناســـنامەی کوردییـــە و هەموو کـــورد یەکگرتووە لە ئامانجە هاوبەشـــەکەیاندا کـــە خەبات لە

پێناو ئازادیی کوردستانە:

**کرمانج و زازا و سۆران، فەیلی و کەلهوڕ و گۆران**
**کوردین و یەک میللەتین بێ جیاوازی و**
**بێ گۆڕان**
**باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، یەک وڵات و**
**یەک خەبات**
**شیعە و سوننی و ئێزدی هەموو هەر برای یەکین**
**عەلەوی و ئەهل حەق و بێ دین**
**بۆ کوردستان تێبکۆشین با ئاواتمان بێتە دی**

مووزیکڤانانی کورد لە ڕەوەندی سوید هەوڵیان داوە بۆ پاراستنی پێوەندییە کولتووری و نەتەوەییەکانیان. لەو پێناوەدا چالاکییە مووزیکییەکانی ڕەوەندی کوردی ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە پەرەپێدانی پێوەندیی نێوان کوردانی سەرانسەری دنیا. ئەم چالاکییە ڕێکخراوانە، سەرەڕای مەودای جوغرافی، وەک بەڵگەیەک لەسەر یەکگرتنەوەی هەموو کوردانە. ئەوان، لە هەر بەشێکی کوردستانەوە، نەک هەر خەریکی کارلێکی ناوڕەوەندی دەبن بەڵکوو پێوەندیی لەگەڵ هاوکوردەکانیشدا دادەمەزرێنن. بناغەی ئەم کارلێککردنە بریتیە لە «ناسنامەی کوردی»، «مێژووی هاوبەش»، «نیشتمانێکی هاوبەش» و بە گشتی «کوردایەتی»، کە مێکانیزمی سیاسی و کولتووریی هەمەچەشن، لەوانەش مووزیک و هەڵپەڕکێ، بەکاردەهێنن بۆ خستنەڕووی مێژوویەک و شوناسێکی هاوبەش. کۆمەڵگەی ڕەوەندی کورد کە لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەکۆمەڵ خۆیان وەک نەتەوەیەک دەناسێنن کە نیشتمانێک و میراتێکی مێژوویی هاوبەشیان هەیە. کورد بۆ زیاتر لە سەدەیەک ئاواتی ڕێکخستنەوەی کوردستانێکی یەکگرتووی هەبووە. لەناو ڕەوەنددا، کارلێکەکانی نێوان کوردانی مووزیسیەنی ناوچە جیاوازەکان کە لە وڵات و چوارچێوەی جۆراوجۆردا دەژین، پەرەی بە تۆرەکان و چەمکی «نەتەوەیەکی یەکگرتووی کورد» و «کوردستانێکی گەورەی خەیاڵی» لە مووزیکەکەیاندا داوە. لە توێژینەوە دیاسپۆراییەکاندا، چەمکی «خەیاڵە کۆمەڵایەتییەکان» ئەو بیرۆکە گرینگانە لەخۆ دەگرێت کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر کۆچبەران هەیە. بەپێی ئانترۆپۆلۆژیستی هیندی-ئامریکایی، ئارجون ئاپادورای (١٩٩٦)، زۆرجار خەیاڵە کۆمەڵایەتییەکان سنووری دەوڵەت تێدەپەڕێنن (بڕوانە: Appadurai ، 1996). بۆیە چەمکە خەیاڵییەکان، وەک «نەتەوە خەیاڵکراوەکان»ی بێنێدیکت ئێندرسۆن (١٩٩١) و «خەیاڵە کۆمەڵایەتییەکان»ی ئاپادورای (١٩٩٦)، ئامرازێکن بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە و پێکهاتنی شوناسی بەکۆمەڵ لەناو مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە سوید. ئەنجامی کارلێکی مووزیکی مووزیسیەنانی کوردی پارچە و ناوچە جۆراوجۆرەکان بووە بە هۆی سەرهەڵدانی ستایلێک لە مووزیکی کوردی کە پێک هاتووە لە توخمی مووزیکی هەموو کوردەکان لە سەرانسەری کوردستانی گەورە، لە دەنگ و سۆنۆریتەی ئامێراکانیانەوە بگرە هەتا ڕیتم و مەودای دەنگ و ئەدا و فۆرم و ژانر و ستایل. لە گۆرانییەکی بە زاراوەی سۆرانیدا گوێگر فیگۆرە دەنگییەکانی مووزیکی کرمانجی و مووزیکی ڕۆژهەڵاتی و باشووری بە تێکڕایی گوێ لێدەبێ کە مووزیکێکی کوردی بەرهەم هێناوە کە شوناسی هەموو مووزیکە کوردییەکانی تێدا بەدی دەکرێ. لە فەزای دەنگی ئەو ستایلە هیبریدی و تێکەڵاوەدا دەنگی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و نیشتمانێکی بەیەکگەیشتوو یاد دێنرێتەوە، نەتەوە و نیشتمانێک کە لە ڕێگەی مووزیک و فیگۆرە دەنگییەکان وێنا کراون. بۆ نموونە ئەلبوومی ١٩٩٠ی

ناسـر ڕەزازی بە نـاوی «چیمەن» یەکێک لـە بەرهەمەکانـی گۆرانییەکـە بە ناوی «هەر تۆم دەوێ» ، بە زاراوەی سـۆرانی، بە مووزیکـی کرمانجی بە ئامێرەکانی سـاز و نەی و بەندیـر و هەروەها درامزی ڕۆژئاوایی پێشـکەش دەکرێـت. ئـەو بەرهەمـە پێکهێنانێکی دەنگییە کە نیشـانەیەکە لە تێکەڵبوونی ڕێزمان وشـێوازە کوردییەکان. فیگـۆرە دەنگییـەکان لـەو بەرهەمەدا جیهانێکـی دەنگییان بەرهـەم هێناوە کە لە توخمـە مووزیکییەکانی کـوردی کورمانج و سـۆران پێک هاتووە و ئۆدیۆتۆپیایەکن کە بەیەکگەیشـتنەوەی کوردانـی پارچەکانی باکـوور و ڕۆژئـاوا لەگـەڵ ڕۆژهەڵات و باشـوور خەیاڵ دەکەنەوە.

## وێناکردنەوەی نیشتمان

لە کاتـی هەسـتکردن بـە «بێوڵاتی»دا کـوردی تاراوگەنشـین پێویسـتیان بە مێکانیزمێکە بۆ مانابەخشـینەوەی دووبارە بـە وڵات و وێناکردنەوەی نیشـتمان. لە زانسـتی دیاسـپۆرادا چەمکـی «دووبارە چەسـپاندنەوە»[3] بریتییە لە شێوەیەک لە جێگیربوونەوەی دووبـارە و پێکهێنانەوەی «نیشـتمان» لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. بۆ مووزیکژەنانـی کوردی تاراوگەنشـین کە لـە زێـدی خۆیـان دابـڕاون و لە خاکێکـی بێگانەدا نیشـتەجێن و بەردەوام تامـەزرۆی گەڕانـەوە بۆ کوردسـتانن، مووزیک وەک ڕێڕەوێک بۆ دروسـتکردنی «نیشـتمانێکی خەیاڵـی» دەور دەگێڕێت. مووزیـک ڕۆڵێکی چارەنووسسـازی گێڕاوە لـە ڕەوەنـدی کوردیـدا وەک ئامرازێکی ڕووبەڕووبوونـەوە بۆ «جێگیربوونـی دووبارە»[4] یان پێکهێنانـی «نیشـتمانێکی خەیاڵی» لە ڕێگای جۆراوجـۆرەوە. کۆبوونەوە و بۆنە مووزیکییـەکان و دابەشـکردنی مووزیک لـە ڕێگە جیاوازەکانـی میدیاییەوە بـە چڕی و بـە پتـەوی یادەوەرییـە بەکۆمەڵەکانی هاوبـەش دەورووژێنـن و پێوەندییەکـی بەهێزتر و دەستڕاگەیشـتن بە «نیشتمان» دەرەخسـێنن. و لە هەمان حاڵیشـدا، بە بەراورد لەگـەڵ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لـە ڕەوەنـددا، مووزیکـی کوردی بە سـادەیی زیاتر، هەسـتی بـوون لە نـاو «نیشـتمان» دەورووژێنێتـەوە. ئەم وێنەکردنـەوە مووزیکییەی «شـوێن» یان «وڵات»، یارمەتیـدەری تاراوگەنشـینانە بۆ خەیاڵکردنەوەی کوردستان و گیرسانەوە لەو کوردسـتانە خەیاڵییەدا کە لـە هەندەران لـە ڕێگەی مووزیکـەوە وێنـا کراوەتەوە. جگە لە فیگۆرە دەنگییەکان، شـوێنەکانی وەک شـەواهەنگەکان و یـاد و بۆنـە نەتەوەییەکان، فەزایەکـی مووزیکی بوون بە پلەی یەکەم بۆ کۆبوونـەوەی کوردانی ناوچـە جیاوازەکان لـە فەزایەکی دەنگیی هاوبەشدا. شـەواهەنگەکان وەک فەزایەکی کۆمەڵایەتـی کار دەکەن کـە کارلێکی کۆمەڵایەتـی و ئاڵوگـۆڕی کولتووریـی لە نێـوان ئەندامانی ڕەوەنـدی کوردیدا ئاسـانتر دەکەن. ئەم فـەزا مووزیکییانە جۆرە نوێیەکانـی نزیکایەتیی کۆمەڵایەتی لـە نێوان کوردانـی تاراوگەدا پـەروەردە دەکەن، کە بـە «نزیکایەتیی ڕەوەنـدی»[5] ناو دەبرێـن. ئـەم جـۆرە نزیکایەتییـە بە پێناسـە دیسـتۆپیاییە، لەبـەر ئەوەی جۆرێـک لـە نزیکایەتیی هەسـتیار و ناوخۆیییـە کـە لـە نێـوان ئەندامانی دیاسـپۆرادا دروسـت دەبێت، نە لەسەر بنەمای هاونیشـتەجێبوون یان هاوڕێیەتی، بەڵکـوو لەسـەر بیرەوەریـی هاوبەش، دابـڕان، و ژیانی نێوان نێـوان. هەروەها، ئەم نزیکایەتییـە تەنیا لـە چوارچێوەی ئـەم فـەزا مووزیکییانەدا بوونیـان هەیە و لەگەڵ پێوەندی و ناسـینی ڕاسـتەقینە جیاوازن (بڕوانـە: Boym 1998، 499-500).

ئەم ژینگانە لەبار بوون بـــۆ پێوەندیکردن، پێشکەشـــکردنی مووزیـــک و نمایشـــی هەڵپەرکێـــی بەکۆمـــەڵ. گۆرانییەکان بە هەموو زاراوە و شێوەزارە کوردییەکان و فۆرمە جۆراوجۆرەکانی هەڵپەرکـــێ کوردییەکان لە یەک شـــوێن بـــە تێکرایـــی نمایش دەکرێـــن. ئـــاڵای کوردســـتان، وێنەی ڕێبـــەری کۆمـــار و گۆرانیـــی نەتەوەیی بەیەکەوە وەبەرچاو دێن و دەبیســـترێن. لە ئەنجامـــدا، تاکەکان دەرفەتـــی زیاتریان بۆ دەرەخسێت بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی پێوەنـــدی و تۆڕەکانی ڕەوەنـــد لەناو ئەم ڕێکخســـتنە دەنگییانەدا. کـــوردی ڕەوەند لـــە هەمـــوو بەشـــەکانی کوردســـتانی گەورەوە نوێنەرایەتیـــی کولتوور و زاراوە و شێوەزار و نەریت و سیاســـەت و ئایدیۆلۆژیای جۆراوجـــۆری خۆیان دەکـــەن و لەم فەزا دەنگییانـــەدا کۆ دەبنـــەوە. لە ڕاســـتیدا لە چوارچێوەیەکی وەهادا ئاڵای کوردســـتان پێگەیەکـــی خاوەنرێـــز و بـــەرزی هەیە و هەمیشـــە وەک هێمـــای گرینگییەکـــی گەورە هەڵدەواســـرێت. ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان زۆرجار جلوبەرگـــی جۆراوجۆری کوردییان لەبەردایـــە. مووزیکژانەکان نەک هـــەر خەریکـــی گێڕانـــەوەی فولکلۆر و مووزیک و گۆرانییـــە نەریتییەکانن بەڵکو گۆرانیی شۆڕشـــگێڕانە و تەوەری سیاســـی و قارەمانانـــەش پێشـــکەش دەکـــەن، بەم شـــێوەیە کوردایەتی و نیشـــتمانپەروەری لەناو بینەرانـــدا زیاتر پـــەروەردە دەکەن. وێناســـازی لـــەم شـــوێنانەدا دیدگایەک بـــۆ نەتەوەیەکـــی یەکگرتووی کـــورد لە چوارچێـــوەی «کوردســـتانێکی گەورەی خەیاڵی»دا دەگەیەنێـــت، وەک هێمایەکی بەهێـــز کـــە ســـنوورە جوغرافییـــەکان تێدەپەڕێنێـــت بـــۆ وێنەکردنـــەوەی ناســـنامەیەکی بەکۆمەڵ. ئەم ئەبستراکت و تێڕوانینە خەیاڵییانە لـــە لایەن مووزیکەوە لـــە فەزایەکی دەنگیدا لـــە ڕێگەی فیگۆرە دەنگییە جۆراوجۆرەکانەوە دروســـت دەبن، تەنها بـــۆ ماوەیەکی کاتی لـــەو قۆناغەدا بوونیـــان هەیە کە مووزیـــک و هەڵپەڕکێ ڕوودەدەن، لەگەڵ لێکنزیکبوونەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کورد. بۆیە شـــەواهەنگەکان و بۆنـــە نەتەوەییەکان وەک فـــەزای دەنگی، ئۆدیۆتۆپیـــاکان دادەمەزرێنـــن کە تێیدا کۆمەڵگـــەی کـــورد وەک کەمینەیەک لە ڕەوەنـــددا، بتوانێـــت نەتەوەیەکی خەیاڵی و نموونەیەکـــی بچووک لە کوردســـتانێکی گەورە بنیـــاد بنێت. ئەم فـــەزا دەنگییانە وەک ئامرازێکـــن بۆ یەکخســـتنی هەموو کوردانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردســـتانی گەورە و بەدیهێنانی خواستێکی لەمێژینەی کورد.مووزیکـــژەن و گوێگرانـــی کورد لە شـــەواهەنگەکاندا لە ڕێگـــەی مووزیکەوە خەریکی پرۆســـەیەکی «دونیاســـازی»ن. ئەم کـــردەی دونیاســـازییە لـــە بنەڕەتدا بەکۆمەڵە، فـــەزای دونیاکەیان دروســـت دەکات، کـــە دواتـــر وەک پاشـــخانێک بۆ تێگەیشـــتن لـــە شوناســـی کوردیی خۆیان و هەســـتکردن بە ســـەربەخۆییان بـــە نیســـبەتی کۆمەڵـــگای خانەخوێ کاردەکات. ئـــەو جیهانـــەی لـــە ڕێگەی کـــردەوەی گشـــتییەوە ئاشـــکرا دەبێت، بە ئەنقەســـت داڕێژراو نییـــە؛ بەڵکوو لە ڕێگەی چالاکییەکی بە کۆمەڵەوە ســـەری هەڵداوە، وەک پاشـــخانێک کاردەکات کە چۆنیەتیی تێگەیشـــتنیان لـــە خۆیان لە قاڵب دەدات، ئەمـــەش وای لێدەکات زیاتر بێت لە تەنهـــا ئەزموونێکی تاکەکەســـی.

هەروەهـــا مووزیکژانانی تاراوگەنشـــین بـــۆ بەدیهێنانـــی ولات، ناوبەناو وەشـــانە ڕەســـەنەکانی مێلۆدی فولکلـــۆری نەریتی کـــوردی و مێلۆدییە پێشکەشـــکراوەکانی هونەرمەنـــدە ناوخۆییەکانی کوردســـتان

لەگەڵ ئاوازەکانی خۆیان کە لە ژینگەی ئێستایاندا دروست کراون، تێکەڵ دەکەن. ئەم چالاکییە نەک هەر تامەزرۆیی ئەو تاکانە بەدی دێنێت کە ئارەزووی ژیان لە کوردستانیان هەیە بەڵکوو مووزیکژەنەکان دەتوانن وێناو وەبیرهێنانەوەیەک لە مووزیکی زێدی خۆیان بۆ گوێگرەکانیان دروست بکەن. سمکۆ گەردی (٢٠١٧)، ئاوازدانەر و کەسایەتییەکی چالاک لە بەرهەمهێنانی مووزیکی کوردی لە سوید، لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری پیرانشاری ناوچەی موکریانە. ئەم هونەرمەندە بە هۆی بنەماڵەکەی و ململانێ سیاسییەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ناچار بوو کۆچ بکات بۆ سوید و ئێستا لە ئۆرێبرۆ نیشتەجێیە. ئاوازدانەرێکە کە مێلۆدییە ئامێرییە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکانی کوردی لەگەڵ ئاوازەکانی خۆی تێکەڵ دەکات. لە کاتی پرسیارکردن لەسەر چۆنیەتیی ئیلهامبەخشی بۆ هێنانەوەی تۆخمەکانی مووزیکی فۆلکلۆری کوردی، بەتایبەتی ئەوانەی لە ناوچەی موکریانەوە هێنراونەتە ناو هەوڵە داهێنەرەکانیدا، بەم شێوەیە هۆکاری وردتری خستەڕوو:

*«من لەناو دڵمدا ئاواتم زۆرە. بەڵام حەیف و هەزاران حەیف، من لە موکریان نیم، و دەستم ناگات بە مووزیکژەن و کەسایەتییە گەورەکانی موسیقای موکریان، وەک باڵەبانژەن و بەیتبێژە بەناوبانگەکانی وەک عوسمانە سوور، کە سەرچاوەی ئیلهامبەخشن بۆ من لە دروستکردنی بەرهەمەکانمدا. گەر لەوێ بوایەم دەمزانی چم دەکرد و چیها ئاوازی تایبەتم دادەنا. وەک هەر تاکێکی نیشتمانپەروەر، تامەزرۆی ئەوەم کە لە زێدی خۆم، کوردستان، بەتایبەتی لە موکریان بژیم. بەداخەوە، بەهۆی پرسە سیاسییەکان کە کاریگەرییان لەسەر من و خێزانەکەم هەیە، لە ئێستادا ناتوانم لەوێ بم [...] من لە ئاوازەکانمدا ئەو دوورییە لەڕێگەی ئەو مۆسیقایەی کە دروستی دەکەم، بە تێکەڵکردنی تۆخمەکانی ئەو مێلۆدییانەی کە ژنیارەکانی ناوخۆییە کۆنەکان دەیژەنن، دەردەبڕم [...] بەو کارە، هەستی تاسەو و وێنەکردنەوەی نۆستالژییەکانی نیشتمان دەکەم، چ بۆ خۆم و چ بۆ ئەو بیسەرەی کە لە وڵاتەکەی دوورە» (گەردی ٢٠١٧، ئۆرێبرۆ).*

سمکۆ گەردی پارچە مووزیکێکی بەرهەم هێنابوو لە تێکەڵاوی مێلۆدییەکی فولکلۆر بە ناوی «سۆیبە باڵابەرز» کە ژەنینێکی کۆنی ژنیار و شایەرە کۆنەکانی ناوچەی موکریان بوو بە ئامێری دووزەلە لەگەڵ مێلۆدییەکی نوێی بەرهەمی خۆی بە ئامێرە مووزیکییە ئێلێکترۆنییەکان و دەنگی سەمپڵ. پارچە مووزیکەکەی بەرهەمی سمکۆ گەردی بە شێوەیەکی زیندوو ململانێیەکی دەروونیی پەیوەست بە تامەزرۆیی بۆ ناوچەی موکریان و حەقیقەتی ژیان لە تاراوگە دەردەخات. لە چوارچێوەی ڕەوەنددا، جیاوازیی نێوان دەنگە سەمپڵەکان و دەنگی ڕەسەنی دووزەلەیەک نموونەی ئەم ململانێیە بوو. تێکەڵکردنی دەنگە ئێلێکترۆنییەکان لە مێلۆدییەکاندا ئاماژەیە بۆ هەندەران، لە کاتێکدا وەشانی ڕەسەنی مێلۆدییە فولکلۆرییەکان نۆستالژیا و فەزای شایی و زەماوەندەکانی ناوچەی موکریان وێنا دەکاتەوە. گێڕانەوەی تەوەرەی فولکلۆر بە دەنگی دووزەلە، لە ڕووی دەروونییەوە بیسەر دەگوازێتەوە بۆ ناوچەی موکریان، کەشوهەوای شایی و زەماوەندەکانی ئەو ناوچەیە، جووڵەی جەستەی ئامێرژەنەکان و شایەرەکانی ناوچەکە و ئەو ئاوازانەی کە لە شایی و زەماوەندەکانی موکریاندا بیستراون.

ئەوەش هەمان بۆچوونەکەی گوودمەنمان وەبیر دێنێتەوە کە دەنگی مووزیکی، پێشکەشکردن و گوێگرتن لە مووزیک ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دروستکردنی مانا، فەزا، و ئەزموون کردن و هەست پێکردن و مانابەخشین بە کات بەو مانایە کە مرۆڤ لە ڕێگەی مووزیکەوە ڕابردوو دەهێنێتە ئێستا و داهاتوو خەیاڵ دەکات و بەپێی ئۆدیۆتۆپیای جۆش کانیش ئەم مووزیکە هیبریدییە فەزایەکی دەنگی دروست کردووە کە لە ناویدا شوێن، واتا موکریان و بیرۆکە جیاوازەکانی وەک نیشتمان و هەندەران، یادەوەری و دووری، نۆستالژیا و ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانە لە تاراوگە، پێکەوە هێنراون.

بەشداریکردنی مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی پێشکەشکردنی مووزیکی زیندوو و لە فستیڤاڵە جیاوازەکان و شەواهەنگەکاندا بەدەست هات. بەڵام دامەزراندنی و فراوانکردنی پیشەسازییە میدیایی کوردییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە لە نمایشکردن و بەرەوپێشبردنی کاریگەرانەی بنیادنانی نەتەوە لەسەر ئاستی جیهانی و تێکەڵکردنی کوردانی ناوخۆی کوردستانیش بەو نەتەوە خەیاڵییەی لە ڕەوەند بنیاد نراوە. میدیا مووزیکییەکانی وەکوو، لە ڕابردوودا، کاسێت و سی دی و VHS و پاشانیش سەتەلایت و کەناڵە کوردییەکان، قەوارەکانی شوێن و کاتیان کەم کردەوە و سنوورەکانی نێوان کوردان لە هەندەران و لە وڵات لە هەر چوار پارچەی کوردستانیان دارماند و هەمووی نەتەوەی کوردیان بە یەک گەیاندەوە و یارمەتیدەر بوون لە پرۆسەی نەتەوەسازیی خەیاڵی لە دەرەوە و ناوخۆی سنوورەکانی کوردستانی گەورە.

## کۆبەندی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ڕوون و پشتڕاست نیشانی دا کە مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە سویددا ڕۆڵێکی بنچینەیی لە پرۆسەی نەتەوەسازی و وێنەکردنەوەی کوردستانێکی گەورە لە کۆنتێکستی دیاسپۆراییدا دەبینێت. بە وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریدەخات کە مووزیک نەک تەنها ئامرازێک بۆ دەرخستنی بیرەوەری و هەستە نۆستالژیکەکانە، بەڵکوو کردەوەیەکی چالاکیی دونیاسازییە کە لە ڕێگەیەوە نەتەوە، نیشتمان و ناسنامەی کوردی دووبارە پێک هێنراونەوە.

داتاکان نیشان دەدەن کە لەڕێگەی دەنگ، دەقی گۆرانی، فۆرم و ستایلە مووزیکییە تێکەڵاوەکان و فەزا پێرفۆرمانسییەکان وەک شەواهەنگ و فستیڤاڵ، مووزیکی ڕەوەندی کوردی توانای ئەوەی هەیە کە پارچە جیاوازەکانی کوردستان لە فەزایەکی دەنگیی هاوبەشدا بەیەکەوە بهێنێت و وێنەیەکی نیشتمانێکی یەکگرتوو دروست بکات، بەبێ ئەوەی پێویست بێت ئەم نیشتمانە بوونی جوغرافیایی ڕاستەقینەی هەبێت. بەم شێوەیە، لە بەستێنی دیاسپۆرادا مووزیک وەک فەزایەکی بەدیل کاردەکات بۆ ئەو نیشتمانەی کە لە ئاستی سیاسی و جوغرافیاییدا بەردەست نییە.

هەروەها، توێژینەوەکە دەریدەخات کە شەواهەنگەکان و بۆنە مووزیکییەکان نەک تەنهاشوێنی پێشکەشکردنی هەڵپەڕکێ و گۆرانین، بەڵکوو فەزایەکی گرنگن بۆ دروستکردنی جۆرێکی تایبەت لە نزیکایەتیی نێوان ئەندامانی دیاسپۆرا، ئەو نزیکایەتییەی

کە لەسەر بنەمای بیرەوەریی هاوبەش، دابڕان، و ژیانی نێوان‌نێوانیدا بنیاد دەنرێت. ئەم نزیکایەتییە ڕێگە دەدات بە پەیوەندی و یەکگرتن لە نێوان کوردانی ناوچە جیاوازەکان و بەهێزکردنی هەستی سەر بە نەتەوەبوون، سەرەڕای دووریی جوغرافی و جیاوازییە کلتوورییەکان.

لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە وەڵامی پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە بەم شێوەیە دەداتەوە کە مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە سویددا تەنها نەتەوەی کورد و نیشتمان وەک بابەتێکی خەیاڵی و هێمایی نیشان نادات، بەڵکوو لە ڕێگەی چالاکییە مووزیکییەکانەوە ئەوان دووبارە دروست دەکات و دەیانخاتە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان. بەم مانایە، مووزیک بووەتە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی نەتەوەسازی لە دیاسپۆرا و فەزایەک بۆ تێکەڵبوونی بیرەوەری، هەست، سیاسەت و خەیاڵ، کە لە ناویدا کوردستان وەک نیشتمانێکی بەردەوام خەیاڵکراو، گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و دووبارە بنیات دەنرێتەوە.

## پەراوێزەکان:

1- A gravitational center
2- Re-embedding
3- Re-embedding
4- Re-location
5- Diasporic intimacy

## سەرچاوەکان


١. فرازمند, پرنگ و آقامحسنی, کیوان . (١٤٠٠ [٢٠٢١]). موسیقی دیاسپورایی کُردهای ایرانی مقیم سوئد: کارکرد موسیقی درجامعه‌ی کُردهای ایرانی مقیم سوئد و بررسی روند دگر فرهنگ‌پذیری موسیقایی آنان. نامه هنرهای نمایشی و موسیقی, 12(26), 95–111. doi: 10.30480/dam.2022.2968.1586.

٢. فرازمند، پرنگ. (٢٠١٩). موسیقی مهاجران کُرد ایرانی مقیم سوئد: روند فرهنگ پذیری کُردهای ایرانی مقیم سوئد و تأثیر موسیقی آن‌ها بر موسیقی کُردهای ساکن ایران. پایاننامه‌ی کارشناسی ارشد. دانشگاه هنر تهران.

3. Ahmadzadeh, Hashem. 2003. Nation and Novel: A study of Persian and Kurdish narrative discourse. Upsaliensis: Acta Universitatis Upsaliensis.

4. Alinia, Minoo. 2004. Spaces of Diasporas: Kurdish Identities, Experiences of Otherness and Politics of Belonging. Doctoral diss., Göteborg University.

5. Anderson, Benedict. 1991. Imagined Communities. London. New York: Verso.

6. Appadurai, Arjun. 1996. Modernity at Large: Cultural Dimensions of Globalization. Minneapolis: University of Minnesota Press.

7. Boym, Svetlana. 1998. "On Diasporic Intimacy: Ilya Kabakov's Installations and Immigrant Homes." Critical Inquiry 24 (2): 498–524. https://doi.org/10.1086/448882 (last access: Jan. 22, 2026).

8. Butler, Kim. 2001. "Defining diaspora, refining a discourse". In: Diaspora: A Journal of. Transnational Studies, vol. 10, no.2: 189–219.

9. Clifford-Napoleone, R. Amber. 2015. Queerness in Heavy Metal Music. New York & London: Routledge.

10. Goodman, Nelson. 1978. Ways of Worldmaking. Indianapolis: Hackett Publishing Company.

11. Khayati, Khalid, and Magnus Dahlstedt. 2014. "Diaspora Formation among Kurds in Sweden: Transborder Citizenship and Politics of Belonging." Nordic Journal of Migration Research 4, no. 2: 57–64. https://doi.org/10.2478/njmr-2014-0010

12. Khayati, Khalid. 2012. "Sweden as a

Gravitation Center for the Kurds—Diaspora Formation and Transnational Relations." In Perspectives on Kurdistan's Economy and Society in Transition, edited by Almas Heshmati, Alan Dilani, and Serwan M. J. Baban, 101–114. New York: Nova Science Publishers.

13. ----------------. 2008. From Victim Diaspora to Transborder Citizenship?: Diaspora formation and transnational relations among Kurds in France and Sweden. Ph.D. Thesis. Linköping: Linköping University Electronic Press.

14. Kun, Josh. 2005. Audiotopia: Music, Race, and America. Berkeley: University of California Press.

15. Pripp, Oscar. 2019. "Music, Dance and Ethnic Elasticity in a Kurdish Cultural Association: The Complexity of Intercultural Experience." El Oído Pensante 7, no 1: 100–118.

16. -----------------. 2018a. Musik, dans och kollektiv självförståelse i en kurdisk kulturförening. In Maria Westvall, Rolf Lidskog & Oscar Pripp (eds.), Migration – Musik – Mötesplatser. Föreningsliv och kulturproduktion i ett föränderligt samhälle. Lund: Studentlitteratur.

17. ----------------. 2018b. Musikandets symboliska komplexitet och töjbarhet. In Migration – Musik – Mötesplatser: Föreningsliv och kulturproduktion i ett föränderligt samhälle, edited by Maria Westvall, Rolf Lidskog, and Oscar Pripp. Lund: Studentlitteratur: 45–62.

18. Safran, William. 1991. "Diasporas in Modern Societies: Myths of Homeland and Return". In: Diaspora, vol.1, no. 1: 83–99.

19. Volgsten, Ulrik, and Oscar Pripp. 2016. "Music, Memory, and Affect Attunement: Connecting Kurdish Diaspora in Stockholm." Culture Unbound: Journal of Current Cultural Research 8 (2): 144–164. doi:10.3384/cu.2000.1525.1608144.